# ڕۆژی لە دایک بونت پیرۆز

## کانی هەڵەبجەیی

ئەمڕۆ لەگەڵ شنە بای بەهار
لە تەک بڵێسەی ئاگری ڕۆحم و
خەندەی گوڵزار
تۆ دێیتە دونیا ئازیزی من
ڕوت سپی وەک پەڕەکانت
عومرت زەرد وەک چاوانت
باڵات سەوز وەک لاسکەکانت
ڕۆژی لە دایک بونت پیرۆز
ئەی شاجوانی دڵی من و
دەستگیرانی نەورۆز
ئەوا ئەمڕۆ بۆنی تۆ
دەگاتە ئەم وڵاتە بێ بۆنەو
عەتری خۆیم پیا ئەپرژێنێ
ڕەنگی عومرت
ئاگری سەر چیاکانی وڵات لەگەڵ خۆی دێنێ و
سەهۆڵبەندانی ڕۆحی نامۆم ئەشکێنێ
ئەوا ئەمڕۆ یادگاریەکانی منداڵیم
تۆیان لە باوەشی دەستیان دایەو
بەرەو پیری تەنهاییم دێن
منیش لەم دوورییەوە
بە گوێی ڕێگاکانی نێوانماندا دەچرپێنم
ڕۆژی لە دایک بونت پیرۆز نێرگزەکەم
ئەی خۆشەویستی من و
جوانترین گوڵی وڵاتەکەم
بەڵام بمبورە ئازیزم
هەرچی گەڕام
دیاریەکم نەدۆزیەوە لە خۆت جوانتر
بۆیە ویستم وێنەیەکت بکەمە پایتەختی ئەم نەوشکەم و
ڕەنگی چاوانت بۆ ئەم نەورۆزەم بکەمە ئاگر
بەڵام مەخابن

**نە لە دوکان**
**نە لە باخچەکان**
**تەنانەت نە لە گوگڵیش**
**چڵێک لە تۆ**
**یان وێنەیەکتم بەرچاو نەکەوت**

**هۆڵندا**